کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-7-2007 16:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2007-7-6- سوید

**ئەمەچیە، وەزیرەکانمان خەریکن جێگەی (محمدالعریبی) بگرنەوە؟! ... نەجمەدین شێخ بزێنی:**

ئەوبەڕێزانەیکەتەمەنیان لەسەروی چل ساڵیدایە، ڕەنگە بەبیریان بیت کەشۆڕشی 14 دەی تەموز



ڕویداو ڕژێمی پاشایەتی (دیارە ناڵێم بۆگەن چونکە ڕژێمی زۆر بۆگەنتر لەدووای ئەوهات) ڕووخاو ئەنجومەنی نیشتمانی لەئێراقدا لەدایک بو دیارە ئەگەربەراوردیبکەین، بارودۆخێکی ئێستائاسایی هاتە کایەوەو، کەسانی لاوازو بێتوانا توانیان بگەنە ئاستی ئەندامەتی ئەنجومەنی نیشتمانی، وتیان ئەندامێکیان بەو ناوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، لەکاتی کۆبونەوەکاندا کە بابەتیک ئەخرایە بەدەم لێکۆڵینەوەو بڕیار، ئەو بەر لەکاتی بڕیاردانەکە دەستی هەڵبڕی بو کاتی دەنگدان، خێرا بەدەم بانگی ئەکردموافچ (موافق) زۆر بەداخەوە ئێمەش ماوەیێکەهەندێ جار هەڵوێستی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراقی و وەزیرە بەڕێزەکانمان ئەبینین، ناو براوی سەرەوەمان بەبیر دێتەوە!! ئیتر نازانین، ئایە بەرپرسەعەرەبە دڵسۆزەکانمان لەپشتی پەردەوە کارە گرینگەکان ئەنجام ئەدەن و فێڵیان لێ ئەکەن؟وەیاخۆ بەرپرسانی ئێمە لەوەزارەتو ئەنجومەنی نیشتمانی، وەک پێویست شارەزاییان نیەو هەستیار نین، بەجۆرێ لەئاستێکی وادابن، کەبگونجێ لەگەڵ ئەوجێگایەدا!! دیارە ئەوەش لەهەردو بارەکەیدا ماڵوێرانیە بۆ کورد!!، جامن لێرەدا، بەرلەوەی تووانجی ڕەخنەگەرییان ئاراستە بکەم، بەپێویستم زانی کەدەقی هەندێ ڕاگەیاندن کەلەیەک ڕۆژدا ڕاگەیێندراون، هیوادارم من بەهەڵەدا چوبم لەبۆچونەکانمداوبەڕێزان شیاوی هیچ ڕەخنە لێگرتنێك نەبن. ئەمەش دەقی ڕاگەیێنداراوەکانیانە لەخوارەوە:

پەنا:کوردستانی-حکومەتی هەرێمی کوردستان نارازیە لەیاسای نەوت:4-7-2007-11:25.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمرۆ لەبەیان نامەیێکیدا بێ ئاگایی خۆی سەبارەت بەدەرچونی یاسای نەوت پیشاندا، کەدوێنێ ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی خۆی لەسەر ڕەشنوسی ئەم یاسایە نیشاندا. حکومەتی هەرێمی کوردستان کەلایەنێکی سەرەکیە لەدانوستانەکاندا ئەمرۆ لە بەیان نامەیێکدا ڕایگەیاند، کە تاکوئێستا چاوی نەخشاندۆتەوە بەیاسای نەوت و پەسەندی نەکردووە، بۆیێ هیواداریین کەئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە پەسەند نەکەن، چونکە مافی هەرێمی کوردستان پێ شێل دەکات، هەروەها لەبەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کەبەپێی ئەم یاسایە مافی کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان لەدەست هەرێم نامێنێت و دەیداتە دەست کومپانیایێکی نەوتی تازەی سەر بەحکومەتی ئێراق!!!. ئەمەبەشی ڕاگەیاندنی تاقی بەیانی 4-7- بو. بفەرمون لەگەڵ دەقی ڕاگەیاندنی هەمان ڕۆژ تەنها کات ژمیرەکەی جیاوازەواتە تاقی ئێوارە:

پەنا:کوردستانی- ئاشتی هەورامی: هیچ ناکۆکێێک لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لەمەڕ یاسای نەوت نیە، سەر چاوەیێک لەوەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمرۆ چوار شەمە ڕایگەیاند ڕەشنوسی یاسای نەوت، ئەمرۆ لەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان گفتوگۆی لەسەرکراوەو هیچ ناکۆکێێک لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی لەمەڕ یاسای نەوت نیە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەم بارەیەوە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانەسروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێێکی تایبەت بۆ پەیامنێر ووتی:دوێنێ ڕەشنوسی یاسای نەوتمان بەدەست گەیشتووەو ئەمڕۆش لەلایەن لێژنەیێکی تایبەت گفتوگۆی لەبارەوە کراوە بەمەبەستی بەراورد کردنی لەڕوی زمانەوانی و دەستەواژە یاساییەکانیەوەو تائێستاش هیچ جیاوازێیکی لەگەڵ ئەوپڕۆژەیەبەدی نەکردووە، کەپێشوتر حکومەتی هەرێم پەسەندی کردبو هەر وەها هەورامی ڕونی کردەوە، هیچ ناکۆکێیک لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی لەبارەی نەوت لە ئارادانیە!! ئەو دو هەواڵە دەقی فەرمی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێم بون، ئەمجار ئەگەر لەسەر هەڵوێست و ڕاگەیاندنەکانی بەرپرسانی تاکیش سەیر بکەین، هەربۆ نمونە ئەبینین، کەبەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کاک عارف تەیفور ڕایگەیاند ئەگەر پشتگیری لەمالکی بکرێ مادەی 140 جێ بەجێ ئەکات، بەڵام جۆری پشتگیریەکەی بەداخەوە دیاری نەکردبو، بەهەرحاڵ مەبەستی ئێمەئەوەیە، کە کاک عارف زۆر ڕازیە لەدکتۆر مالکی و هیچ گازەندەێیکی لێ نیە، لەلاێیکی ترەوە، هەربەمێژوی 7/5 کە چوارپێنج ڕۆژێک نێوانیانە، بەڕێز سکرتێری گشتی حزبی زەحمەت کێشان، قادر عەزیز، کەنوینەری بەڕێز سەرۆکی کوردستانە، بو بەدوادا چونی مادەی 140، کەلەسەر داوای سەرۆک کۆماری ئێراق، بەڕێز مام جەلال بانگهێشت کراوەو ئێستاوالەبەغدایە، زۆر بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە دوکتۆر نوری مالکی نایەوێت مادەی سەدوچل جێ بەجێ بکرێت و ئاستەنگی بۆ دروست ئەکات، لەکاتێکدا کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەهەمو چۆرێک پشتگیری لێ ئەکات!! هەروەهالەلاێیکی ترەوە، کەئەبینین ئەویاسارەشنوسەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندی کردووە، لەلای خۆیانەوە، لەئەنجومەنی نیشتمانی حکومەتی ناوەندی، نوێنەرەکوردەکان، پەسەندیان نەکردووە، ئەمجار نازانینین، هەرچاویان لەلایەنەعەرەبەکانی ترکردووە، وەیاخۆ هەرخۆیان تێبینیان هەیە لەناوەڕۆکی ڕەشنوسەکەدا، کەئەویش بەهەردو بارەکەی، نیگەرانێیک دروست ئەکات؟!! ئەمجار بالێرەوە کەمێک دەست نیشانی خاڵە لاوازەکان بکین!!یەکەم: جیاوازی ڕاگەیاندن و بیرو بۆچونەکان، خۆی لەخۆیدا، مانای ئاگادار نەبونە لەیەک هەڵوێستی لایەنی کوردی!! دورنیە هۆ کارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ یەکتر نەبینینو، نەبونی دیالۆگ لەنێوانیاندا؟! دوهەم: بێجگە لەوەی کە ڕەشنوسی یاسای نەوت لەئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەند پەسەندکراوە، کەبەرزترین دەسەڵاتە لەحکومەتداو، بەرز کراوەتەوە بۆ ئەنجومنی نیشتمانی گشتی ئێراق، ئەمجار وێنەێیکی نێردراوە بۆ وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن لێژنەێیکی تایبەتی لەئەنجومەنی وەزیران تاوو توی کراوەو پەسەند کراوە!! ئەبو بنێردرایە بۆ پەڕلەمانی کوردستان لەوێ تاوو توێ بکرایەو وەڵام بدرایەتەوە، چونکە لەبەغدا بەرزکراوەتەوە بۆ پەڕلەمان!! هەروەها بەڕێز وەزیری سەرچاوە سروشتیەکان، لەڕوی تاوو توێ کردنەوە ئاماژە بەهەڵسەنگاندنی جۆری داڕشتنی ووشە عەرەبیەکە ئەکات، ئەی هاوبەشی کوردو بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی لەکوی مایەوە، نابێت وێنەی دەقی عەرەبیەکەی بکرێ بەکوردی و کە هەموتاکێکی کوردیش بتوانێ لەوجۆرە ڕێککەوتن نامانە بگات؟!! سێهەم: بەشێکی تری جاوازی ڕاگەیاندنی بیرو ڕاکان ئەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی بونی نوینەرانی کورد لەناوەڕۆکی ئەوبابەتانەی تاوو توێ ئەکرێن!!، چوارەم: وەک پرسیارێیک ئایە وەزیرە بەڕێزەکانی کورد، کەلەسەرلیستی هاوپەمانی کوردستان، کەنوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کوردستانە، ئەوپۆستانەیان پێدراوە، کاریان چیە کاتێ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەند کۆ ئەبنەوە؟!! ئەتوانم بڵێم گەلی کورد بەگشتی بڕوای بەعەرب نیە کە بەخۆشی و دۆستایەتی مافەڕەواکانیکوردستان جێ بەجێ بکات، هەروەک خۆمێش لەوتارێکدا پێش ئەم ووتارە ئاماژەم بەوە کردووە، کەبەڕێز نوری مالکی و دوکتۆر جەعفەری تەنها

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دراوێكی دوڕون، هەردوابەدوای هەڵوێستەكەی بەڕێز عارف تەیفور، كەهێشتا بەڵاویش نەكراوەتە لەسەر سایتەكان، ئێستاش دوبارەی ئەكەمەوە، بەڵام ئەوەندەی لێ زیاد ئەكەم، كەئەمجارەیان ئەڵێم هەمو بەرپرسانی عەرەب لەبەرانبەر كێشەی ڕەوای گەلەماف پێشێلكراوەكەمان گەلی كوردستان، تەنها دراوێكی دوڕونو هیچی تر!! كەوابو كورد ئەبێت لەدیالۆگەكاندا زۆر ژیرانە بیر بكاتەوەو ئاگاداری هەڵوێستی برا عەرەبەكان بێت، بە ووشەی دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتی بڕوا نەكات و بەوریاییە مامەڵە لەگەڵ گۆڕان كاریەكاندا بكات، ئێمە لەكاتێكداكە ئەبینین ئەنجومەنی وەزیران لەبەغدا لەسەر كێشە گرینگەكان كۆ ئەبنەوەو، بڕیار دەرئەكەن وەزیرانی كوردیش هەربەشدارن، بەتایبەت لەكۆبونەوەی پەسەند كردنی یاسای نەووت، ئەوان بۆتنە هۆكاری پەسەندكردنیدروستی كۆبونەوەكە، چونكە كوتلەی سەدری و بەرەی تەوافوق بەشداریان تێدا نەكردووە! كەوابێ ئەبو وەزیرە كوردەكان سەنگی تایبەتی خۆیانیان هەبوایە، كەچی وائەبینین شێوازی یاساكە چۆن چۆنی لەبەرژەوەندی گەلیكوردستاندا ئەگەرێتەوە!! بۆیێ ناچارین كەبڵێین وادیارە وەزیرەكانمان وەك بلێی جێگەی (محمد العریبی) یان گرتۆتەوە، تەنها جیاوازی لەوەدایە، ئەو وتویەتی (موافچ) ئەمان ئەڵێن پەسەندە!!!.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.